# هەرێمی کوردستان و"وازهێنانەکەی" ئەرشەد ساڵحی لە سەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی

08-04-2021

### نووسەرەکان

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** "وازهێنان" یان "لادان"ی ئەرشەد ساڵحی لە سەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی، چەندەی ڕووداوێکی گرنگی نێوخۆیی بێت بۆ تورکمانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەوەندەش دەتوانێت ڕەهەندێکی دەرەکیی بێت وجێی بایەخ بێت. حاڵی حازر تورکمانەکان، بەهۆی دابەشبوونە مەزهەبییەکەیان بەسەر شیعە و سوننەدا، لەنێوان بەرداشی دوو گەمەی سیاسی تورکی و ئێرانیدان.

"وازهێنان" یان "لادان"ی ئەرشەدساڵحی لە سەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی، چەندەی ڕووداوێکی گرنگی نێوخۆیی بێت بۆ تورکمانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەوەندەش دەتوانێت ڕەهەندێکی دەرەکیی بێت وجێی بایەخ بێت. حاڵی حازر تورکمانەکان، بەهۆی دابەشبوونە مەزهەبییەکەیان بەسەر شیعە و سوننەدا، لەنێوان بەرداشی دوو گەمەی سیاسی تورکی و ئێرانیدان. بەشێکیان ڕوولە ئەنکەرە و بەشێکی دیکەشیان ڕوویان لە هێزەکانی نزیك لە ئێران، وەك گرووپەکانی حەشد بە تایبەتی ڕێکخراوی بەدرە. بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەوان لە دۆسییەی خاك دا لە عیراق بۆ کورد بایەخیکی زۆریان هەیە. بۆ نموونە، هەرچەندە بەرەی تورکمانی لە ئاستی عێراقدا هێزێکی یاریگۆڕ نییە بەڵام، لە دۆسییەی کەرکووکدا ئەکتەرێکی کلیلییە وهەڵوێستەکەی چۆن بێت، دەتوانێت کاریگەری لەسەر دۆخی ئەوێ دابنێت. ئا لێرەوەیە کە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی تورکمانی بۆ هەرێمی کوردستان بایەخدار دەبێت.

ئینجا لەو ڕووداوەی "ساڵحی"دا پرسیارەکە ئەوەیە کە گەلۆ "وازهێنان"ی سەرکردەیەکی "پان تورکیست" کە لە 2010وە سەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی کردووە و هاتنی حەسەن توران کە باکگراوندێکی ئیسلامی- نەتەوەگەرای هەیە دەتوانێت چ واتایەکی هەبێت؟ پاڵنەرەکانی ئەو گۆڕانە چی بوون؟ لەوەش گرنگتر، ئایا ئەمە دەتوانێت ڕێگا بۆ ڕێبازێکی سیاسیی نوێی بەرەی تورکمانی لە دۆسییەی کەرکووك بکاتەوە؟

**"وازهێنان" یان "لادان"**

لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی ئاداری ئەمساڵدا ئەرشەد ساڵحی وازی لە سەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی هێنا و حەسەن توران شوێنی گرتەوە کە لە 2018وە جێگریەتی. ساڵحی لە یەکەم کاردانەوەی شەخسی خۆیدا دوای ئەو ڕووداوە، ڕایگەیاندووە کە بە ڕاوێژ لەگەڵ هەندێك لە سەرکردەکانی دیکە بڕیاری وازهێنانی داوە. بەڵام ئەوەشی گوتووە کە ئەو "بڕیارە بۆمن هیچ ئاسان نەبوو. ئێستاش نامەوێ لەسەر وردەکارییەکانی قسە بکەم." دواتریش گوتەی نووسەرێکی تورکی هێناوەتەوە کە دەڵێت:" هەندێکجار وشەکان ناتوانن هەمو شت بگەیەنن."[1]پێشتریش لە لاپەڕەی خۆی لە تویتەر گوتبووی کە "هەندێك پارتی تورکمانی" بوونەتە "داردەستی دەرەکی" و دەیانەوێ بەرەی تورکمانی دابەشبکەن. بەمەس ئاماژەی بە دوو فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی لە وازهێنانەکەیدا کردووە. ئەم قسانەی ساڵحی ئەو گومانانەی درووستکردووە کە ئەو بە نابەدڵی وازیهێناوە و بە واتایەکی دی لابراوە. هەڵبەت بەیاننامەیەکی بەرەی تورکمانی لەوبارەیەوە، ئاماژەی هەبوونی جۆرێك لە سازشی لە نیوان ساڵحی و ئەو لایەن یان لایەنانەی تێدایە کە ویستوویانە لەسەرکار لابچێت. بەپێی بەیاننامەکە، ساڵحی لەمەودوا "خۆی بۆ کاری سیاسی تەرخاندەکات و لە پێش و پاش هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، بەناوی پێکهاتەی تورکمانییەوە، بۆ وەرگرتنی مافەکانیان دانووستاندن دەکات."[2]ئەمەش لەوانەیە واتای ئەوە بدات کە چانسی ئەوەی دەبێت لانیکەم بۆ خولێکی دیکە پەرلەمانتار بێت، یان خۆی یان کەسێکی نزیك لە خۆی، پۆستێك لە حکومەتی داهاتوو وەربگرێت. هەڵبەت دوای ئەو بەیاننامەیە، ساڵحی گوتوویەتی کە ئەو ئیدی لەمەودوا، تاك و پەرلەمانتارێکی تورکمانییە! بەمەش، ئەو دیمەنەی لێڵترکردووە کە لە داهاتووی بەرەی تورکمانیدا چ ڕۆڵێکی دەبێت.

**ئەنکەرە لایداوە؟**

کاتی "وازهێنانەکەی ساڵحی" ئەویش چەند ڕۆژ دوای ئەوەی کە لە 24ی ئادار بۆ بەشداری لە ساڵیادی سەرکردەیەکی نەتەوەگەرای تورکیا( موحسین یازیجی ئوغلو) سەردانی ئەنکەرەی کردبوو، ئەو گومانەی بەهێزکردووە کە حکومەتی تورکیا داوای وازهێنانی لێکردبێت. ڕۆژی 27/3/2021، سەرکردەیەکی "ئیی پارتی- یەکێك لە پارتە نەتەگەراکانی تورکیا کە نەیاری حکومەتی ئێستایە." بەناوی وەدات یەنەرەر، باسی لەوە کردبوو کە ئەنکەرە بەتەمایە ساڵحی لەسەرکار لابدات.[3] ڕۆژی دواتریش ساڵحی وازیهێنا. جێی ئاماژەیە کە لە سەردانەیدا بۆ ئەنکەرە، ئەرشەد ساڵحی کۆبوونەوەی لەگەڵ مەنسوور یاواش سەرۆکی شارەوانیی ئەنکەرەش کردبوو کە لەدوایین هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیدا توانیبووی لەسەر لیستی جەهەپە- پارتی گەلی کۆماری، لە کاندیدەکەی ئاکپارتی بباتەوە کە مەهەپەش پشگیریی لێدەکرد. هەرچەندە دیداری ساڵحی لەگەڵ مەنسوور یاواش کە بۆخۆی کەسێکی نەتەوەگەرایە و پێشتریش ئەندامی مەهەپە بووە، لەوانەیە بابەتێکی ئاسایی بێت، بەڵام ئەمە لە سەروبەندی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی وازهێنانیدا، وەك کاردانەوەیەکی سیاسی تەماشا کرا.

بابەتی وازهێنانی ئەرشەد ساڵحی چەندە ڕووداوێکی محەلی بێت، لە تورکیا وەك مژارێکی سیاسەتی نێوخۆی لێهات وزۆرێك لە

نەتەوەگەراکانی تورکیا ڕەخنەیان لە حکومەت گرت کە گوایە پاڵی بە ساڵحی وە ناوە تا وازبێنێت. دەوڵەت باخچەڵیش وەك گەورەترین پاڵپشتیکاری حکومەتی ئەنکەرە، لە بەیاننامەیەکدا تەنیا سوپاسی ساڵحیی کردووە بۆ کارەکانی ڕابردووی و شتێکی ئەوتۆی لەسەر وازهێنانەکەی باس نەکردووە! پێشتریش چەندینجار باسی ئەوە کرابوو کە حکومەتی ئاکپارتی لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەحمەد داودئوغڵودا ویستوویەتی ئەرشەد ساڵحی لابەرێت بەڵام سەرینەگرتووە. هەڵبەت ڕاستیی ئەو هەواڵە تا ئێستاش پشتڕاست نەکراوەتەوە بەڵام، هەندێك لەسەرچاوەکانی نزیك لە بەرەی تورکمانی دەڵێن لادراوە. ئەگەر وابێت، بەگشتی دەتوانین بێژین لەوانەیە، بابەتی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، نزیکبوونەوەی ئەرشەد ساڵحی لە ئێران و گرووپەکانی حەشدی شەعبی و ناکۆکییە ناوخۆییەکان گرنگترین هۆکارەکانی "لادان"ی ساڵحی بووبن.

ئەرشەد ساڵحی بە ئەندازیاری نزیککردنەوەی تورکمانی شیعی و تورکمانی سوونی زانراوە و لە دوای 2017وە لانیکەم سەرۆکایەتی دیداری دوو وەفدی تێکەڵاوی تورکمانە شیعە و سوونەکانی بۆ تورکیا کردووە. جاری یەکەم لەدوای گشتپرسی لە 2017، ئەو هۆکارێك بوو بۆ پەیوەندی تورکیا لەگەڵ تورکمانە شیعەکان و تەنانەت هەندێك لە فەرماندە تورکمانەکانی حەشدی شەعبی، وەکوو پڵماز نەجاریشی بردە تورکیا.[4] جارێکی دیکەش لەدوای هەڵبژاردنی 2018، هەموو پەرلەمانتارە تورکمانەکانی عێراقی بردە تورکیا و لەگەڵ بەرپرسانی ئەنکەرە کۆبوونەوە. ئەمەش ئەو وەختانە بوو کە فاتح یلدز باڵیۆزی ئەوکاتەی تورکیا لە بەغدا وێنەیەکی بڵاوکردبووەوە کە ئاڵای حەشدی شەعبیی بە دەستەوە گرتبوو: نیشانەیەکی سەردەمێك کەوا تورکیا و ئێران سەبارەت بە پرسی کورد، سەبارەت بە سووریا و ڕووداوەکانی دیکە ناوچەکە ڕوویان لە هاوکارییەکی زیاتری یەك کردبوو! ئەگەر ئەم دیمەنەشمان لە پێشچاوبێت، ئەوسا وازهێنانی ئەرشەد ساڵحی وەك کەسێکی دیار لە نزیککردنەوەی تورکیا و تورکمانە شیعەکان، ئەویش لە سەردەمێکدا کە خەریکە جارێکی دیکە درزی ناکۆکییەکانی تورکیا و ئێران لە عێراق و باقی شوێنەکانی دیکە گەورەتر دەبێت، ئەو گومانە بەهێزتر دەکات کە لەوانەیە "وازهێنانەکە" تەنیا ڕووداوێکی ناوخۆیی نەبێت.

لەلایەکی دیکەوە، یاسای نوێی هەڵبژاردن ئەو نیگەرانییەی بۆ بەرەی تورکمانی درووستکردووە کە نەکا نەتوانێت ئەو 3 کورسییانەی جارانی خۆی بە دەستبهێنێتەوە. لەبەر ئەوەش، درووستکردنی هاوئاهەنگییەکی زیاتر لە بەینی حزب و گرووپە جیاوازە تورکمانییەکان وەك پێویستییەك بۆ ئەوان دەرکەوێت.  بەپێی هەندێك لە زانیارییەکان، بەشێك لەو حیزب و گرووپانەش وەك تورکمان ئیلی- ڕیاز ساری کەهیە و وەقفی تورکمانی- توران کەتانە، لە سیاسەتەکانی ساڵحی ناڕازی بوون.

**ئەنجام**

"وازهێنانی" ئەرشەد ساڵحی تەنیا ڕووداوێکی مەحەلی و ناوخۆیی و تورکمانی نییە. ئەمە دەتوانێت ڕەهەندێکی سیاسی دەرەکیشی هەبێت. لەوانەیە تورکیا جارێکی دیکە بە تەمای گلێرکردنەوەی تورکمانەکانی نزیك لە خۆی و دیاریکردنی سنوورەکانی بێت لەگەڵ ئێران لە نێو تورکمانەکاندا. لەوانەیە گۆڕینی سەرکردەیەکی ناسیۆنالیست بۆ سەرکردەیەکی ئیسلامی ـ نەتەوەگەرا، هۆکارێك بێت بۆ کردنەوەی دەرگای سەردەمێکی نوێ لە سیاسەتی بەرەی تورکمانی بە تایبەتی لە کەرکووك.

ئەم وازهێنانە چەندەی بابەتیك بێت بۆ یەکخستنەوەی تورکمانەکان لە کەرکووك، دەشێ ئەوەندەش دەرفەتی نزیکبوونەوەیەکی گریمانەیی کورد و تورکمانیش بڕەخسێنیت. خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەم "وازهێنانەی ساڵحی" 14ڕۆژ دوای ئەوە هات کە بەرەی تورکمانی، دوای 18ساڵ، لە ناوەڕاستەکانی مانگی ڕابردوودا ئۆفیسی خۆی لە هەولێر کردبووەوە.[5] لەم قۆناخەی ئێستاشدا هەرێمی کوردستان زیاتر لەجاران بایەخی بە پرسی تورکمان و داواکارییەکانیان داوە.

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی بەرەی تورکمانی لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەرشەد ساڵحیدا، زیادبوونی ناکۆکیی لەگەڵ کورد و نزیکبوونەوەی زیاتر لە گرووپەکانی تورکمانە شیعییەکان بوو. ئەوخاوەنی هەڵوێستێکی توندی نەتەوەگەرایی تورکمانییە. بە نموونە یەکێك لەوانەیە کە لە شەڕی ئەمدواییەی ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا، داوای خۆبەخشیی بۆ ئازەربایجان کردبوو. ئەو هاوشێوەی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەگەرای تورکی( مەهەپە) دەستی بە نیشانەی "گۆرگ"بەرزدەکاتەوە کە سیمبولی هاوبەشی نەتەوەگەراکانە. حەسەن تورانیش کە شوێنی ئەوی گرتۆتەوە، پاشخانێکی ئیسلامی نەتەوەگەرای هەیە. یەکێك لەو ڕووخسارانەشە کە لەسەردەمی ئارامیی ڕێژەیی پەیوەندییەکانی کورد و تورکمان لە نیوەی یەکەمی2000کاندا زیاتر دەردەکەوت. ئەوکاتەی کە ئەو پەیوەندییانەش لە دوای 2010وە بەرەبەرە گرژتر بوون، ڕۆڵی کەسانی وەك ئەرشەد ساڵحی زۆر زیاتر بوون. هەڵبەت حەسەن توران لە 2018وە جێگری ساڵحی بووە و چاوەڕواناکرێت گۆڕانێکی خێرایی ڕیشەی بکات بەڵام، پاڵنەرەکانی گۆڕانی سیاسەتی بەرەی تورکمانی زیاتربوون. هەڵبژاردن وادەکات کە بەرەی تورکمانی ناچاربێت گوێ لە دەنگە جیاوازەکانی لایەنە تورکمانییەکانی دیکەش بگرێت کە بەشێکیان وەك تورکمان ئیلی- ڕیاز ساری کەهیە زۆر پراگماتیکانەتر تەماشای پەیوەندییەکانی کورد و تورکمان دەکەن. گۆڕانی ئەرشەد ساڵحی، دەتوانێت زەمینەیەك بۆ هەرێمی کوردستان درووستبکات تا بە سیاسەتەکانی خۆی سەبارەت بە کەرکووك و دۆسییەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکماندا بچێتەوە. ڕاست و ناڕاستەکانی ڕابردووی ئەو سیاسەتە هەرچۆنێك بن، باشتروایە ئەوە لە پێشچاو

بگیرێت کە تورکمانەکان لە پارێزگای دیالەوە هەتا موسڵ سنوورێکی ئەتنیکی جیاوازیان لەنێوان  کورد وعەرەب درووستکردووە و حاشا لە کاریگەریی پێگەی ئەوان، لەسەر دۆسییەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ناکرێت.

-[1]
https://qha.com.tr/haberler/guncel/turkmen-lider-salihi-den-istifasinin-ardindan-ilk-aciklama-mucadeleye-hep-birlikte-devam-edecegiz/312635/

[2] -https://www.rudaw.net/turkish/middleeast/iraq/28032021

[3] -https://serbestiyet.com/featured/analiz-ankara-irak-turkmen-cephesinin-milliyetci-liderini-neden-istifa-ettirdi-55487/

[4] -http://old.qha.com.ua/tr/turk-dunyasi/cumhurbaskani-erdogan-turkmen-heyeti-ile-gorustu/161187/

[5] -https://www.rudaw.net/turkish/kurdistan/140320213